# بۆچی ببی بە وەزیر!؟

گۆران محەمەد

(بۆچی نەبووم بە وەزیر؟) ناونیشانی شیوەنە وتارێکی مەهاباد قەرەداخیی راوێژکاری پرسی یەکسانییە لە حکوومەتی کوردستاندا کە لە دوا ژمارەی هەفتەنامەی گەنج لاندا بڵاوکراوەتەوە، باوەڕ ناکەم لە پازدە ساڵی رابردوودا لە رووی لەخۆباییبوون و لووتبەرزیی و تەنانەت هەندێ جار ماستاو ساردکردنەوەشەوە، شانی هیچ وتارێك بگاتە دامێنی ئەم باوکەڕۆنامەیەی خاتوو مەهاباد، دەکرێ ئەو پرسیارەی مەهاباد خان کردوویەتی ئێمەش لەوی بکەینەوە و قەینا ئەگەر لە وەڵامەکەیشدا هەندێ هاوکاری بکەین. قوربان بۆچی ببی بە وەزیر؟ تۆ کە بە حیساب خاوەن و راوێژکاری پرۆژەی یەکسانیت! کەچی هەر خۆت یەکێکی لەوانەی بە باشترین شێوە نایەکسانیت بەرجەستە کردووە. خاتوون! بەڕێزت کە خزمەتکارت بۆ منداڵەکانت راگرتووە و هەفتانە چەندین ژەمی خواردنی خۆت و میوانەکانیشت لە شیراتۆن بێت ئیدی باسی یەکسانی بۆ کێ دەکەیت؟ جەنابت دەیەها هەزار دۆلارت لە پۆستەری بانگەشەی یەکسانی (کە لە راستیدا ریکلامکردنە بۆ خۆت) سەرفکردووە و پۆستەرەکانیشت لە شیراتۆن و زانکۆ و پەیمانگە و شوێنە های کلاسەکان هەڵواسیوە، بێئاگا لەوەی قوربانیانی نایەکسانی وان لە کوورانی عەنکاوە و قەتەوی و پۆتیناوا و بەلاشاوا و شاپاوا و گوێمەدێ، دە تۆش گوێ مەدێ کە نەکرایتە وەزیر. ئەرێ بەڕاست، دیعایەیەکی زۆر هەبوو کە حەمەسەعید حەسەن دەبێتە وەزیری رۆشنبیری، راستییەکەی ئەو زاتە نەك هەر نەکرایە وەزیر بەڵکو خەریك بوو لە زیندانیشی قایم بکەن، باشە خۆ تۆ هەر دیعایەشت لە دوا نەبوو ئیدی ئەم شیوەنی حەسەن و حوسێنە لە پای چی دادە؟ ئەز لە سەرچاوەیەکی فرە هەستیارەوە ئاگەدارم کە ناوی بەڕێزتان هەر جێی باسیش نەبووە لە گفتوگۆکانی دەستنیشانکردنی 42 وەزیرەکە نەك چوار دەرزەن وەك بەڕێزتان دەڵێن، دیارە لە ماتماتیك و یەکسانیدا ناشارەزان دەنا دەتانزانی دەرزەن دە نییە دوازدەیە، بەڕاست ئەگەر بکرایتایە بە وەزیر، ئەوکاتیش کابینەی حکوومەتی یەکگرتووت بە کابینەی چوار دەرزەن وەزیر ناودەبرد؟. لە دڵسۆزییەوە پێت دەڵێم دەربڕین بە هاناتەوە نەهاتووە و نانی شوانت خواردووە کە دەڵێی کۆبوونەوەکانی مەکتەب سیاسی پاش

چارەگێك ناوەڕۆكیان لە شێخەڵایە، تۆیەك کە گلەیی نەبوونی شەفافییەت دەکەیت نەدەبوا سووکایەتیی بە بڵاوبوونەوەی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکان بکەیت، باشە تۆ کە لە سەر بۆن و بەرامی ئەو حیزبە لە ناو بازنەی دەسەڵاتدایت ئیدی چۆن لە یەککاتدا حاکم و موعارەزەی؟ بەڕێزت دەڵێی لە کاتی بوون بە وەزیردا بە نیاز بوویت یەکەم شت کار بۆ داڕشتنی سیاسەتی کولتوری بکەیت، ئەمەیان خۆشە، رەمەزانت زۆر گرتووە جا نۆبەی شەعبانە، خانم تۆ جارێ چارەکی ئەو پارەیەی لە ریکلامی یەکسانیدا سەرفتکردووە لە هەندێ پرۆژەی عەمەلی لە پێناوی یەکسانیدا حەڵاڵ بکە ئەوجا خەم لە سیاسەتی کولتووری بخۆ، ژنێ خاس وە و لێمان گەڕێ، ئەدی نەتبیستووە کورد دەڵێن چاکی مەکە با خراپ نەبێ؟.

خاتوو مەهاباد بەوەوە نەوەستاوە کە خۆی نەکراوەتە وەزیر، بەڵکو نیگەرانیشە کە کاندیدەکەی ئەمیش نەبووەتە وەزیر، ئا ئەمەیە یەکسانی، کار بکەیت بۆ ئەوەی حکوومەتێك ژنی تێدا بێ، یەکێکیان خۆت بیت و ئەوی دیکەش برادەرەکەت، ئەمەیانت پێ رەوایە لێ لە کنت نەنگییە ئافرەتێك کە 1974 لە دایك بووبێت و تا 1991 تەنیا دوو ساڵ نازی باوکایەتی دیتبێت و نووکە کچە شەهید بێت و ماجستێری هەبێت بکرێتە وەزیر، ئەو پرەنسیپەی چناری پێ کراوەتە وەزیر ئاساییە لێ ئەگەر ئەو یان هەر وەزیرێکی دیکە بە ئەرکی خۆی هەڵنەستا ئەوسا رەخنەبارانکردنی رەوایە نەك لە روانگەی حەسوودییەوە خانم.

بەش بە حاڵی خۆم مەمنووی قاپی ئەو خودایەم کە بەڕێزتان نەبوونە وەزیر، نەك لە بەر ئەوەی وەك رۆژی رووناك لێم دیارە کە وەزارەتی رۆشنبیریش بە دەردی پرۆژەی یەکسانی دەبووە پۆستەری سەر دیواران، بەڵکو لەبەر ئەوەی بە بوونە وەزیری ئێوە هەڤاڵێکی زێدە ئازیزم لە دەست دەدا و دەزانم ئێوە ببونایەتە وەزیر، نەبەز گۆران لە داخا خۆی دەکوشت.